سەید حەکیم داوای دەستگرتن بە حەشدی شەعبی دەکات و بە کۆلەکەیەکی گرنگی سیستەمی ئەمنی وەسفدەکات

لە ناوچەی بەشیر لە پارێزگای کەرکووك، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانیتی هێزە نیشتمانییەکانی دەولەت چاوی کەوت بەکۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی بەشیر کەوت و لەم دیدارە باسی قوربانییانی خەڵکەکەی کرد و داوای کرد پارێزگاری لەو سەرکەوتنە کرد کە بەدەستهاتوە، هەروهها گوتی دەبێت ل□ □ ئامادەباشی بن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕکابەری□کان ببینەوە.

سەماحەتی گوتی عێراق ڕکابەری ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی تیپەڕ کرد و ئاماژەی کرد کە عیراقییەکان توانایان هەیە ڕکابەرییەکان بۆ هەل بگۆڕن، داواشی کرد دەست بە حەشدی شەعبی بگرن بەو وەسفەی کە کۆڵەکەیەکی گرنگی سیستەمی ئەمنییە، ڕوونیشی کردەوە کە قەیڕانی داعش سەلماندی کە هاریکاری نێوان داعش و بەعسی سەدامی هەبووە، هەروەها ئەو پرۆژەیە بەهۆی خودای گەورە شکا لەگەڵ فەتوای مەرجەعیەی بالای ئاینی پیرۆز، لەگەڵ ڕاپەڕینی عێراقییەکان بۆبەرگری کردن لە وڵاتەکەیان، گوتیشی بنەمای شەهید میحراب (نهێنی پارێزراو بێت) کە گوتی ئیسلام لە عێراق بەهۆی مەرجەعیەتی ئاینی پارێزراو بووە، لەگەڵ دروشمە ئاینییەکان و هۆزە رەسەنە عێراقییەکان ئەوە ڕوویداوە.

سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە سروشتی ڕکابەری ئابووری بەهۆی ڕووداوەکانی ناوچەکە بووە، متمانەی خۆشی دەربڕی بەوەی عێراق بتوانێت ئەو ڕکابەری□ تێپەڕ بکات هەر وەك چۆن پێشتر ڕکابەری ئەمنی و کۆمەلایەتی و سیاسی تێپەڕ کرد و جەختیشی کرد لەسەر بەپیل□چوونی داواکارییەکانی خەڵکی بەشیر و قەرەبووکردنەوەی خانەوادەی شەهیدان و بریندارانیان.